# سەگی وێڵ

سادق هیدایەت

وەرگێڕ بۆ کوردی : مەسعوود تەهازادە



چەند دووکانی نانەوایی، قەسابی، دەوافرۆشی، دوو قاوەخانە و سەرتاشخانەیەک کە هەموویان بۆ نەهێشتنی برسێتی و دابین کردنی پێداویستیی سەرەکییەکانی ژیان بوون، مەیدانی وەرامینیان پێک دەهێنا. مەیدان و مرۆڤەکانی، لە ژێر خۆرەتاوی کوشندەدا، نیوەسووتاو، نیوە برژاو، لە ئارەزووی یەکەمین شنەبای ئێوارە و سێبەری شەودا بوون. مرۆڤەکان، دووکانەکان، درەختەکان و گیانلەبەرەکان، لە کار و جموجۆڵ کەوتبوون. کەش و هەوایەکی گەرم لە سەریان زاڵ بوو و تەپ و تۆزێکی نەرم لەپێش ئاسمانی شیندا شەپۆلی دەدا کە بە هۆی هات و چۆی ئۆتۆمبیلەکانەوە، لێکدا لێکدا چڕتر دەبوو.

لە لایەکی مەیدان، درەختێکی چناری کۆن هەبوو کە نێوان پادارەکەی بۆش ببوو و کەوتبوو. بەڵام بە زۆرەملییەکی تەواوەوە، لق و پۆی خوار و خێچی نەخۆشی خۆی بڵاو کردبۆوە و لە ژێر سێبەری گەڵا خۆڵاوییەکانی، سەکۆیەکی بەربڵاوی گەورەیان دامەزراندبوو کە دوو کوری بچووک لەوێ بە دەنگێکی بەرز، شیربرینج و تۆوی کوولەکەیان دەفرۆشت. ئاوێکی قوڕاوی لێڵ، لە نێوان جۆگەلەی بەرانبەر بە قاوەخانە، بە قورسی خۆی ڕادەکێشا و تێپەڕ دەبوو.

تەنیا بینایەک کە سرنجی ڕادەکێشا، بەرزەتەلاری ناسراوی وەرامین بوو کە نیوەی قەبارەی خڕی قەڵەشاوی بە سەری قووچەکییەوە دیار بوو.

ئەو چۆلەکانەش کە لە نێوان درزی خشتی کەوتووی بیناکەوە هێلانەیان کردبوو، لە ژێر گوشاری گەرمادا بێدەنگ بوون و سەرخەویان دەشکاند. تەنیا دەنگی ناڵەی سەگێک، مەودا بە مەودا، بێدەنگی لەناو دەبرد.

ئەوە سەگێکی سکاتلەندی کلک بۆر بوو و پێیەکانی خاڵی ڕەشی پێوە بوو. دەتگوت لەناو قوڕاودا ڕای کردووە و قوڕاو بە جەستەیەوە ڕەق هەڵاتبوو. گوێیەکانی درێژ و ئاوێزان، کلکی ئەستوور و تووکن، تووکی جەستەی لوول و چڵکن بوو و دوو چاو کە هۆشی مرۆڤانەیان لێوە دیار بوو، لە قەپۆزی تووکنی ئەودا دەدرەوشانەوە. لە قوڵایی چاوەکانیدا، ڕووحێکی مرۆڤانە دەهاتە بەرچاو. لە نیوەشەوێکدا کە ژیانی ئەوی لە خۆ گرتبوو، شتێکی بێ کۆتایی لە چاوەکانیدا شەپۆلی دەدا و پەیامێکی پێ بوو کە نەدەکرا لێی تێبگەی، بەڵام لە پشت بیلبیلکەی چاوی قەتیس مابوو. ئەوە نە ڕووناکایی بوو و نە ڕەنگ، شتێکی تری لە دەرەوەی باوەڕ بوو وەک ئەو شتەی کە لە چاوەکانی ئاسکی زامداردا هەیە، نەک هەر وێکچوونێک لە نێوان چاوەکانی ئەو و چاوی مرۆڤدا هەبوو، بەڵکوو جۆرێک لە یەکسانیش لە نێوانیاندا دەبینرا. دوو چاوی سەوزی کاڵی پڕ لە دەرد و ئازار و چاوەڕوانی کە ڕەنگە هەر لە قەپۆزی سەگێکی وێڵدا ببیندرێ. بەڵام وا دیار بوو کە نیگای پڕ ژان و پڕ لە پاڕانەوەی ئەوی کەس نەدەبینی و تێی نەدەگەیشت. لە پێش دووکانی نانەواخانە، بەردەست دەیکوتا و لێی دەدا، لە پێش قەسابی، شاگرد قەساب بەردی دەهاویشتێ، ئەگەر پەنای بۆ ژێر سێبەری ئۆتۆمبێل دەبرد، شەقی قورسی پێڵاوی بزماراوی شۆفیر پێشوازی لێ دەکرد و کاتێک کە هەموان لە ئازاردانی ماندوو دەبوون، منداڵی شیربرینج فرۆش، خۆشییەکی تایبەتی لە ئەشکنجەکردنی ئەو سەگە دەبرد. لە بەرانبەر هەر ناڵاندنێکی، لەتەبەردێکی وە پشتی دەکەوت و دەنگی قاقای منداڵ دوابەدوای دەنگی ناڵاندنی سەگ بەرز دەبۆوە و دەیگوت : لامەسەبی بێ سێحەب. دەتگوت هەموو ئەوانی تریش دەگەڵی هاودەست بوون و بە شێوەیەکی نگریس و زیرەکانە هانیان دەدا و لە قاقای پێکەنینیان دەدا. هەموان بە خاتری خودا لێیان دەدا

و لایان زۆر ئاسایی بوو کە سەگێکی چڵکن کە ئایین بە نەعلەتی کردووە و حەوت گیانی هەیە، ئازار بدەن.

دواجار کورە شیربرینج فرۆش ئەوەندەی گوشار بۆ هێنا کە سەگ بە ناچاری ڕای کرد بەرەو کۆڵانێک کە بۆ لای بەرزەتەلار دەڕۆیشت. واتە بە زگی برسییەوە خۆی ڕاکێشا و هانای بەرەو ڕێگە ئاوێک برد. سەری لەسەر دوو دەستی دانا و زمانی دەرهێنا، لە حاڵەتی نیوە خەو و نیوە هۆشیار، چاوی لە کێڵگەیەک دەکرد کە لە بەرانبەریدا شەپۆلی دەدا. جەستەی ماندوو بوو و دەماری ژانی دەکرد. لە کەش و هەوای نمینی ڕێگەئاودا، حەسانەوەیەکی تایبەت سەراپای داگرت. بۆنی جۆراجۆری سەوزاییە نیوەگیانەکان، لینگە پێڵاوێکی کۆنی نم گرتوو، بۆنی شتی مردوو و گیانلەبەر لە لووتیدا بیرەوەری گەلێکی دوور و بڵاوی زیندوو کردەوە. هەر جار کە سرنجی دەدایە سەوزایی، مەیلی زگماکی ئەو زیندوو دەبۆوە و یادگارییەکانی ڕابردووی لە مێشکیدا سەر لە نوێ زیندوو دەکردەوە. بەڵام ئەوجارە ئەو هەستە بە ڕادەیەک بەهێز بوو کە دەتگوت دەنگێک لە بن گوێی ناچار بە گەڕان و جموجۆڵی دەکا. هەستی بە مەیلێکی لەڕادە بەدەر کرد کە لەو سەوزاییانەدا هەڵێ و بگەڕێ.

ئەوە هەستی زگماکی ئەو بوو، چون هەموو باو و باپیرەکانی لە سکاتلەند لە ناو سەوزایی بە ئازادی گەورە ببوون. بەڵام جەستەی بە ڕادەیەک کوتراو بوو کە ئیزنی سووکترین جووڵەشی پێ نەدەدا. هەستێکی پر ژانی تێکەڵاوی بێ هێزی و نوخسان دایگرت. قولێک هەست گەلی لەبیرکراو و ون بوو، هەموو  هاتنە هەژان. ئەو پێشتر، بەربەست و سنوور و پێداویستی جۆراجۆری هەبوو. بە ئەرکی خۆی

دەزانی کە بە بیستنی دەنگی خاوەنەکەی ئامادە ببێ، کەسی بێگانە یا سەگی دەرەکی لە ماڵی خاوەنەکەی بتارێنێ، دەگەڵ مناڵی خاوەنەکەی یاری بکا، دەگەڵ کەسانی ناسیاو چۆن هەڵسووڕێ، دەگەڵ کەسی نامۆ چۆن هەڵسوکەوت بکا، لە کاتی خۆیدا چێشت بخوا، بە کاتی گونجاو چاوەڕوانی لاواندنەوە بێ، وە ئێستا هەموو ئەو بەربەست و سنوورانەی لە مل ببۆوە.

هەموو سرنجی ئەو بۆوە تەرخان کرابوو کە بە ترس و لەرزەوە، لەسەر زبڵدان لەتە خۆراکییەک وەدەست بهێنێ و بە درێژایی ڕۆژ کوتەکی وێکەوێ و بلوورێنێ. ئەوە تەنیا ڕێگەی بەرگری ئەو بوو. پێشتر، ئەو نەترس، بوێر، خاوێن و چالاک بوو، بەڵام ئێستا ترسنۆک و داماو ببوو. گوێی لە هەر دەنگێک دەبوو یا هەر شتێک کە لە نزیکی ئەو دەجووڵاوە، لە ترسان دەلەرزی، تەنانەت لە دەنگی خۆشی دەترسا، لە ڕاستیدا ئەو خووی بە پیسایی و زبڵ گرتبوو، جەستەی دەخوری، تاقەتی نەبوو کێچەکانی ناو جەستەی بگرێ یا خۆی بلێسێتەوە، وای هەست دەکرد بەشێکە لە زبڵدان و شتێک لە ناخیدا مردبوو، یا گۆڕابۆوە.

لەو کاتەوە کە کەوتبووە ناو ئەو دەوزەخە، دوو زستان تێدەپەڕی کە زگێکی پری چێشت نەخواردبوو، خەوێکی ئاسوودەی نەکردبوو، خواستی ڕەگەزایەتی و هەستەکانی خنکێندرابوون، هیچ کەسێک نەبوو کە دەستێکی لاواندنەوەی بە سەردا بخشێنێ، هیچ کەس چاوی لە چاوی نەبڕیبوو، ئەگەرچی مرۆڤەکانی ئەو شوێنە وەک خاوەنەکەی دەچوون، بەڵام وا دیار بوو کە هەستەکان و هەڵسوکەوت و ئاکاری خاوەنەکەی دەگەڵ ئەو کەسانە بە ڕادەی زەوی و ئاسمان جیاواز بوو.

دەتگوت ئەو مرۆڤانەی کە پێشتر تێکەڵاویان بوو، لە دنیای ئەو نزیکتر بوون، باشتر لە ئازار و هەستەکانی ئەو دەگەیشتن و زۆرتر پشتگیرییان دەکرد.

لە ناو ئەو بۆنانەی کە بۆی دەهات، ئەو بۆنەی کە زۆرتر لە هەموان گێژی دەکرد، بۆنی شیربرینجی بەردەم کورە فرۆشیارەکە بوو. ئەو مایە سپییە کە بە ڕادەیەک وەک شیری دایکی دەچوو کە بیرەوەرییەکانی منداڵی دەهێناوە بەر چاوی. لە ناکاو هەستی سستی دایگرت، وای هاتە بەرچاو کە کاتێک کە منداڵ بوو ئەو مایە بژوێنەی لە مەمکی دایکی هەڵدەمشت و زمانی نەرم و پتەوی ئەو پشتی دەلێستەوە و دەیسڕییەوە. بۆنێکی توند کە لە ئامێزی دایکی و لە نزیکی براکەی هەستی دەکرد. بۆنی توند و قورسی دایکی و شیرەکەی لە لووتیدا زیندوو بۆوە.

هەر کە مەستی خواردنی شیر دەبوو، جەستەی گەرم و گور دەبوو و دەحەساوە و تینێکی بزێو لە دەمارەکانیدا وە جووڵە دەکەوت، سەری قورسی لە مەمکی دایکی جیا دەبۆوە و بە دوایدا خەوێکی قووڵ کە هێندێک لەرەی خۆشی بە سەراسەری جەستەی دەدا، دایدەگرت. چ خۆشییەک لەوە زۆرتر هەبوو کە دەستەکانی بە بێ خواست بە مەمکەکانی دایکییەوە گوشار دەدا و بەبێ ڕەنج و غاردان، شیر دەردەکەوت. جەستەی کوڵکنی براکەی، دەنگی دایکی، هەموو ئەوانە پڕ بوون لە خۆشی و لاواندنەوە. پەناگەی لە دار درووست کراوی پێشووی هاتەوە بیر، ئەو یارییانەی کە دەگەڵ براکەی لە باخچەی سەوزدا دەیکرد.

گازی لە گوێی ئاوێزانی براکەی دەگرت، دەکەوتن، هەڵدەستانەوە، ڕایان دەکرد و دوایی هاوبارییەکی تری دۆزییەوە کە کوڕی خاوەنەکەی بوو. لە کۆتایی باغدا وە دوای دەکەوت، دەوەڕی، جلەکانی بە ددان دەگرت. بە تایبەت لاواندنەوەکانی

خاوەنەکەی، ئەو قەندانەی کە لە دەست ئەوەوە خواردبووی هیچکات فەرامۆش نەدەکرد، بەڵام کوڕی خاوەنەکەی زۆرتر خۆش دەویست، چون هاویاریی بوو و هیچکات لێی نەدەدا. دواتر لە ناکاو دایک و براکەی لێ ون بوو، تەنیا خاوەنەکەی و کوڕ و هاوسەرەکەی و خزمەتکارێکی پیریان مابوونەوە. بۆنی هەموانی لە دوورەوە دەناسی. کاتی شام و نەهار لە دەوری مێزدا دەگەڕا و بۆنی بە خۆراکییەکانەوە دەکرد. وە هێندێک کات هاوسەری خاوەنەکەی وێڕای دژایەتی مێردەکەی، پاروویەکی بە مەیل و خۆشەویستییەوە بۆ ساز دەکرد. دوایی خزمەتکاری پیر دەهات و بانگی دەکرد، پات... پات... و خۆراکەکەی بۆ لە دەفرێکی تایبەت دەکرد کە لە تەنیشت پەناگەکەی بوو.

مەست بوون، بوو بە هۆی چارەڕەشی ئەو، چون خاوەنەکەی نەیدەهێشت پات لە ماڵێ وەدەر کەوێ و وەدوای سەگی دێڵ بکەوێ. بە هەڵکەوت، ڕۆژێک خاوەنەکەی دەگەڵ دوو کەسی تر کە پات دەیناسین و زۆرجار هاتبوونە ماڵەکەیان، لە ئۆتۆمبیلدا دانیشتن و بانگی پاتیان کرد و لە ئۆتۆمبیلدا لە پەنا خۆیان دایاننیشاند. پات چەندین جار دەگەڵ خاوەنەکەی بە ئۆتۆمبیل هاتووچۆی کردبوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا مەست بوو و خرۆش و دڵەڕاوکەیەکی تایبەتی هەبوو. دوای چەند کاتژمێر ڕێگە بڕین، لەو مەیدانە دابەزین. خاوەنەکەی دەگەڵ ئەو دوو کەسەی تر هەر لە ئەو کۆڵانەی کەنار بەرزەتەلارەکە تێپەڕ بوون، بەڵام بە هەڵکەوت، بۆنی سەگێکی دێڵ، ئاسەواری بۆنی هاورەگەزێک کە پات لێی دەگەڕا، لە ناکاو شێتی کرد. مەودا بە مەودا بۆنی کرد و دواجار لە ڕێگەی دێراوی باغێکەوە، ڕۆیشتە ناو باغ.

کاتی ڕۆژئاوابوون، دوو جار دەنگی خاوەنەکەی کە دەیگوت: پات، پات ... ،بە گوێی گەیشت، ئایا بە ڕاستی دەنگی ئەو بوو یا زایەڵەی دەنگی ئەو لە گوێیدا دەپێچرا؟

ئەگەرچی دەنگی خاوەنەکەی کاریگەرییەکی نامۆی لەسەر دەکرد، چون هەموو ئەو ئەرک و ڕاپساردانەی دەهێناوە بیر کە خۆی لە بەرانبەریان بەرپرسیار و قەرزار دەبینی. بەڵام هێزێک لە دەرەوەی سنووری هێزەکانی دنیای دەرەکی، ناچاری کردبوو کە دەگەڵ سەگە دێڵەکە بێ. بە جۆرێک کە هەستی کرد گوێی لە بەرانبەر دەنگەکانی دنیای دەرەوە گران و کپ بووە، وە بۆنی سەگی دێڵ ئەوەندە توند و بەهێز بوو کە سەری وەگێژەوە هێنابوو.

هەموو ماسولکەکانی، هەموو جەستە و هەستەکانی لە ژێر فەرمانی ئەو هاتبوونە دەرێ، بە جۆرێک کە دەسەڵاتی لەسەریان نەمابوو. بەڵام زۆری نەخایاند کە بە دار و دەسکە بێڵ بە هاواری گەیشتن و لە دێراو خستیانە دەر.

پات گێژ و وێژ و ماندوو، بەڵام سووک و حەساوە، هەر کە هاتەوە سەرەخۆ، بە شوێن خاوەنەکەی کەوت. لە چەند دەر و کۆڵان بۆنێکی لاوازی لێ بەجێ مابوو. سەردانی هەموانی کرد و لە مەوداگەلی دیاری کراو، نیشانی لە خۆی بەجێهێشت. تا وێرانەی دەرەوەی ئاوەدانی ڕۆیشت، سەر لە نوێ گەڕاوە، چون پات زانی کە خاوەنەکەی گەڕاوەتەوە مەیدان، بەڵام لەوێدا بۆنی لاوازی خاوەنەکەی لە نێوان بۆنەکانی تردا ون دەبوو. ئایا خاوەنەکەی ڕۆیشتبوو و جێی هێشتبوو؟ هەستی بە دڵەڕاوکە و ترسێک کرد، پات چۆن دەیتوانی بە بێ خاوەنەکەی، بێ خوداکەی بژی؟ چون خاوەنەکەی بۆ ئەو وەک خودا وابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا

دڵنیا بوو کە خاوەنەکەی بە شوێنیدا دێ. هەراسان لە چەند شەقامدا دەستی بە ڕاکردن کرد، بەڵام ماندوو بوونێکی بێهوودە بوو.

دواجار، شەوێ ماندوو و مردوو گەڕاوە مەیدان، هیچ ئاسەوارێک لە خاوەنەکەی نەبوو، چەند خولی تری بە دەوری ئاوەدانیدا لێدا، لە دواییدا ڕۆیشتە بەردەم دێراوێک کە سەگە دێڵەکەی لێ بوو، بەڵام پێشیان بەردچن کردبوو، پات بە تینێکی تایبەتەوە زەوی بە دەستی هەڵکۆڵی تا ڕەنگە بتوانێ پرواتە ناو باغەوە، بەڵام ئەستەم بوو، دوای ئەوەی کە هیوای نەما، هەر لەوێ خەوی لێکەوت.

نیوەشەو، پات بە دەنگی ناڵەی خۆی لە خەو ڕاپەڕی، هەراسان هەستا، لە ناو چەند کۆڵاندا گەڕا. دواجار هەستی بە برسێتییەکی زۆر کرد، کە گەڕاوە مەیدان، بۆنی خۆراکی گەلێکی جۆراجۆری بۆ هات، بۆنی گۆشتی کۆن، بۆنی نانی تازە و ماست، هەموویان تێکەڵ یەکتر ببوون. بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا هەستی دەکرد کە خەتابارە و ڕۆیشتۆتە ناو ناوچەی کەسانی ترەوە. دەبوو لە ئەو مرۆڤانەی کە وەک خاوەنەکەی بوون سواڵ بکا و ئەگەر ڕەقیبێکی تر پەیدا نەبێ کە بیتارێنێ، وردەوردە مافی خاوەندارێتی ئەو شوێنە بە دەست بهێنێ و ڕەنگە یەکێک لەو بوونەوەرانەی خۆراکییەکانیان لە دەستدا بوو، بیپارێزێ و ببێتە خاوەنی.

بە وریایی و ترس و لەرزەوە ڕۆیشتە بەردەم دووکانی نانەواخانە کە تازە ئاوەڵە ببوو، بۆنی توندی هەویری کوڵاو لە هەوادا بڵاو ببۆوە، کەسێک کە نانی لە بن هەنگڵیدا بوو گوتی: وەرە، وەرە ... ئەو دەنگە چەندە لە لای نامۆ بوو. وە لەتە نانێکی گەرمی هاویشتە بەردەمی. پاتیش دوای هێندێک دوودڵی، نانەکەی خوارد و کلکی بۆ ڕاوەشاند، ئەو کەسە، نانەکەی لەسەر سەکۆکانی دووکان دانا و بە ترس و

ورياييەوە دەستێکی بە سەری پاتدا خشاند. دوایی بە هەر دوو دەستی قەلادەی لە ملی کردەوە. هەستی بە حەسانەوەیەکی زۆر کرد. دەتگوت هەموو بەرپرسیارەتییەکان، بەربەستەکان و ئەرکەکانیان لە ملی پات کردبۆوە. بەڵام هەر کە دووجارە کلکی ڕاوەشاند و ڕۆیشتەوە لای خاوەن دووکان، شەقێکی توندی وێکەوت و بە ناڵەناڵ دوور کەوتەوە. خاوەن دووکان ڕۆیشت لە جۆگەلە ئاوی بەر دووکان بە وردی دەستەکانی شووشتەوە. هێستا قەلادەکەی خۆی کە لەبەر دووکان ئاوێزان کردبوو، دەناسییەوە.

لەو ڕۆژەوە، پات جگە لە شەق، لەتە بەرد و وەشاندنی کوتەک، هیچی تری وەگیر نەکەوتبوو. دەتگوت هەموویان دوژمنی خوێنەخۆی ئەو بوون و کەیفیان بە ئەشکنجەدانی دەکرد.

پات هەستی دەکرد ڕۆیشتۆتە ناو دنیایەکی نوێ کە نە بە شوێنی خۆی دەزانی و نە کەس لە هەستەکان و دنیای ئەو تێدەگەیشت. دەگەڵ ئەوەش، لە سەر پێچی کۆڵان، لە لای ڕاستەوە، شوێنێکی دۆزیبۆوە کە زبڵ و زاڵیان لەوێ فڕێ دەدا و لەناو زبڵدا هێندێک لەتە خۆراکی بەتام وەک ئێسک، چەوری، پێست، سەرەماسی و زۆر خۆراکی تر کە ئەو نەیدەناسین، دەدۆزراوە. وە دواییش ماوەکەی تری ڕۆژی لەبەر دووکانی قەسابی و نانەواخانە تێدەپەڕاند. چاوی لە دەستی قەساب بوو، بەڵام زیاتر لە لەتە گۆشتی بەتام، کوتەکی دەخوارد و دەگەڵ ژیانی نوێی خۆی سازابوو. لە ژیانی پێشتری خۆی تەنیا هێندێک حاڵەتی نادیار و ون و هێندێک بۆنی بۆ مابۆوە و هەر کات دۆخی زۆر ئەستەم دەبوو، لەو بەهەشتە ون بوویەی خۆیدا جۆرێک

لاواندنەوە و ڕێگەی ڕا کردنێکی دەدۆزییەوە و بە بێ خواست بیرەوەرییەکانی ئەوکاتی دەهاتە بەر چاو.

بەڵام ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێک پاتی ئەشکنجە دەکرد، پێویستی ئەو بە لاواندنەوە بوو. ئەو وەک کوڕێکی بچووک وابوو کە هەمیشە ژێرچەپۆک بوو و جنێوی گوێ لێ بووە، بەڵام هەستەکانی لاواز نەببوو. بە تایبەت بە ئەو ژیانە نوێیەی کە پڕ بوو لە دەرد و ئازار، زۆرتر لە هەرکات پێویستی بە لاواندنەوە بوو. چاوەکانی سواڵکەری ئەو لاواندنەوەیە بوون و ئامادە بوو گیان بدا تا کەسێک خۆشی بوێ و دەست بە سەریدا بخشێنێ. ئەو پێویستی بەوە بوو کە دڵسۆزی خۆی بە کەسێک بڵێ و فیداکاری بۆ بکا. هەستی پەرستش و وەفاداری خۆی بە کەسێک نیشان بدا. بەڵام وا دیار بوو کە هیچ کەس پێویستی بە درکاندنی هەستەکانی ئەو نەبوو، کەس پشتگیری لێ نەدەکرد و دەیروانییە هەر چاوێک، جگە لە ڕق و خراپە، چی تری تێدا نەدەبینی. وە هەر هەڵسووکەوتێکی بۆ وەرگرتنی سرنجی ئەو مرۆڤانە دەکرد، دەتگوت توورەیی و گرژی ئەوانی زۆرتر پەرە پێدەدا.

لە هەمان کاتدا کە پات لە ناو ڕێگەئاو سەرخەوی دەشکاند، چەند جار ناڵاندی و لە خەو هەستا، دەتگوت مۆتەی دەبینی، لەو کاتەدا هەستی بە برسێتییەکی زۆر کرد، بۆنی کەباب دەهات. برسێتییەکی بێ بەزەیی لە دەروونەوە ئەشکنجەی دەدا، بە شێوەیەک کە بێ هێزی و دەردەکانی تری فەرامۆش کرد. بە سەختی هەستا سەر پێ و بەرەو مەیدان وەڕێ کەوت.

لەو کاتەدا، ئۆتۆمبیلێک بە دەنگەدەنگ و تەپ و تۆز، هاتە ناو مەیدانی وەرامینەوە. پیاوێک لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی، ڕۆیشتە لای پات، دەستی بە سەریدا خشاند، ئەو

پیاوە خاوەنی پات نەبوو، پات فریوی نەخوارد، چون بۆنی خاوەنەکەی بە باشی دەناسییەوە. بەڵام چۆن بوو کە کەسێک وەدیار کەوت کە بیلاوێنێتەوە؟ پات کلکی ڕاوەشاند و بە گومانەوە چاوی لەو پیاوە کرد. ئایا فریوی نەخواردبوو؟ بەڵام ئیتر قەلادەی بە ملەوە نەبوو کە بیلاوێننەوە، ئەو پیاوە گەڕاوە و سەرلەنوێ دەستێکی بە سەر پاتدا خشاند. پات وەدوای کەوت و زۆرتر سەری سوڕما، چون ئەو پیاوە ڕۆیشتە ناو ژوورێک کە بە باشی دەیناسی و بۆنی خۆراکییەکان لەوێرا دەهات. لەسەر مێزی پەنا دیوار دانیشت، نانی گەرم، ماست، هێلکە و خۆراکی تریان بۆ هێنا. ئەو پیاوە لەتە نانەکانی ماستاوی دەکرد و بۆی دەهاویشتە بەردەمی. پات لە پێشدا بە پەلە، دوایی بە ئارامی نانەکانی دەخوارد و چاوە بۆر و جوان و بێ هێزەکانی لە ڕووی پێزانینەوە لە پیاوەکە بڕیبوو و کلکی ڕادەوەشاند. ئایا بەخەبەر بوو یا خەونی دەبینی؟ پات زگێکی تێری چێشت خوارد، بێ ئەوەی کە ئەو خواردنە بە کوتان کۆتایی پێ بێ. ئایا وا هەبوو کە خاوەنێکی نوێی دۆزیبێتەوە؟ لەبەر گەرما، ئەو پیاوە هەستا سەر پێ، ڕۆیشتە ناو کۆڵانەکەی بەرزەتەلار، هێندێک لەوێ ڕاوەستا و دوایی لە کۆڵانە پێچاوپێچەکان تێپەڕ بوو. پاتیش بە دوایدا، تا ئەوەی کە لە ئاوەدانی وەدەر کەوت، ڕۆیشت لە هەمان وێرانەدا کە چەند دیواری هەبوو و خاوەنەکەشی تا ئەوێ ڕۆیشتبوو. ڕەنگە ئەو مرۆڤانەش بە دوای بۆنی ڕەگەزی مێیینەی خۆیانەوە بوون؟ پات لە پەنا سێبەری دیوار چاوەڕێی بوو، دوایی لە ڕێگەیەکی ترەوە گەڕانەوە مەیدان.

ئەو پیاوە سەرلەنوێ دەستێکی بە سەریدا خشاند و دوای خولێکی کورت لە مەیدان، ڕۆیشت لە یەکێک لەو ئۆتۆمبیلانەدا کە پات دەیناسی دانیشت. پات نەیدەوێرا وەسەر کەوێ، لە پەنا ئۆتۆمبیل دانیشتبوو و چاوی لەو پیاوە دەکرد.

لە ناکاو ئۆتۆمبیل لە ناو تەپ و تۆزدا دەستی بە ڕۆیشتن کرد، پاتیش بێ درەنگ، بە شوێن ئۆتۆمبیلدا دەستی بە هەڵاتن کرد. نا، ئیتر ئەوجارە نەیدەویست ئەو پیاوە لە دەست بدا، هەناسەبڕکێی بوو و دەگەڵ ئەو ئێشەی کە لە جەستەیدا بوو، بە تەواوی هێزەوە بە شوێن ئۆتۆمبێل کەوتبوو و بە خێرایی ڕای دەکرد. ئۆتۆمبیل لە ئاوایی دوور کەوتەوە و لە ناو سەحرادا تێدەپەڕی، پات دوو سێ جار گەیشتە ئۆتۆمبیل، بەڵام سەرلەنوێ وەپاش کەوت. هەموو هێز و تاقەتی خۆی کۆ کردبۆوە و بە بێ هیواییەوە غاری دەدا و هەڵبەز دابەزی دەکرد، بەڵام ئۆتۆمبیل لەو خێراتر بوو. ئەو هەڵەی کردبوو، نەک هەر نەدەگەیشتە ئۆتۆمبیلەکە، بەڵکوو بێ هێز و کەساسیش ببوو. دڵی لە خۆ دەبۆوە و کتوپڕ هەستی کرد کە ئەندامەکانی لە ژێر فەرمانی ئەودا نین و توانای بچووکترین جووڵەی نییە. هەموو هەوڵی ئەو بێهوودە بوو، هەر نەیدەزانی بۆچی ڕای کردووە، نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوا، نە ڕێگەی بەرەو پاشەوە هەبوو و نە بەرەو پێش. ڕاوەستا، هەناسەبڕکێی بوو، زمانی لە زاری هاتبووە دەرێ. پێش چاوی تاریک بوو، بە سەری داخراو، بە ئەستەم خۆی لە کەنار جادە ڕاکشاند و ڕۆیشت لە دێراوێکی پەنا زەوی، زگی لەسەر خیزەڵانی گەرم و نمین دانا و بە مەیلی زگماکی خۆیەوە کە هیچکات فریوی نەدەخوارد، هەستی کرد کە ئیتر ناتوانێ لە شوێنی خۆی ببزوێ. سەری وەگێژ دەهات، بیر و هەستەکانی ون و تاریک ببوون، هەستی بە ئێشێکی قورس لە زگیدا دەکرد و لە

چاوەکانیدا ڕووناکییەکی ناخۆش دەدرەوشاوە. لە نێوان جەمام بوون و تلانەوەدا، دەست و پێیەکانی وردەوردە بێ هەست دەبوون، ئارەقەیەکی سارد هەموو جەستەی داگرت، جۆرە فێنکاییەکی نەرم و خۆش بوو...

دەمی ڕۆژئاوابوون، سێ قەلەڕەشەی برسی بە سەر پاتدا دەفڕین. چون بۆنی پاتیان لە دوورەوە بۆ هاتبوو، یەکێکیان بە وریایی هات لە نزیکی هەڵنیشت. بە سرنجەوە ڕوانی، هەر کە زانی پات هێشتا بە تەواوی نەمردووە، سەر لە نوێ هەڵفڕی.

ئەو سێ قەلەڕەشەیە بۆ دەرهێنانی دوو چاوە بۆرەکانی پات هاتبوون ...